# ئایا تۆ وەها هەست دەکەیت کە ...

## گۆشەگیریت؟

## دڵنیا نیت سەبارەت بە مافەکانت لەسەر کار؟

## حەزت بە یارمەتی دانە بۆ فێربوونی ئینگلیزی؟

## ئوسداو (Usdaw) دەتوانێت یارمەتیت بدات - ئێمە سەندیکای کرێکارانی تۆین.

## ئابونەی بەشداری

ئابوونەی ئەندامێتی ئوسداو یەکێکە لە نزمترین ئابونەکان لە بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاراندا، کە زنجیرەیەک سوودمەندی پلە یەک و خزمەتگوزاری پیشەوەرانە فەراهەم دەکەن بۆ تەنها چەند پێنییەک لە ڕۆژێکدا.

## بۆ زانیاری زیاتر یاخود بۆ بوون بە ئەندام لە ئوسدا:

- پەیوەندی بە نوێنەری ئوسداوە بکە لەلای خۆت
- پەیوەندی بە فەرمانگەی خۆجێی ئوسداوە بکە لە ناوچەکەت
  **0800 030 80 30**
- سەردانیماڵپەڕەکەمان بکە
  **www.usdaw.org.uk**

USDAW

زانیارییەکانی ناو ئەم بڵاڤۆکە لە ڕێکەوتی بە چاپ گەیاندنیدا ڕاست و دروست بووە - جوڵای (تەمووز) 2026.

**شەش هۆکاری گرنگ کە بۆچی دەبێت پەیوەندی بە ئوسداوە بکەیت - سەندیکای کرێکارانی خۆت**

Kurdish Sorani

لەلایەن ئوسداوە Usdaw بڵاو کراوەتەوە
Voyager Building
2 Furness Quay
Salford Quays
Manchester M50 3XZ

USDAW

# شەش هۆکاری گرنگ کە بۆچی دەبێت پەیوەندی بە ئوسداوە بکەیت ...

1. ئێمە یارمەتی ئەندامەکانمان دەدەین کە بزانن مافی خۆیان چییە لەسەر کار.
بۆ نموونە، ئایا زانیوتە کە تۆ مافت هەیە بۆ:

- لانی کەمترینی کرێ بۆ کەسانی گەورە. ئەوە هەمووساڵێک بەرزتر دەبێتەوە و لە 1 ئەپریڵ (نیسان) 2026 ـەوە بەم شێوەیەیە:

12.71 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 21 و بەرەوژوور

10.85 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 18-20

8.00 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 16-17

- 28 ڕۆژ پشوو (هۆلیدەی) بە کرێوە لە ساڵێکدا (بۆ کەسێک کە 5 ڕۆژ لە هەفتەدا کار بکات).

- 11 کاتژمێر حەوانەوە لە شەو و ڕۆژێکدا.

- زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران شیاوی کرێی کاتی نەخۆشین دوای نەخۆش بوون بۆ ماوەی سێ ڕۆژ.

2. ئێمە کێشەی ئەندامەکانمان دەگەیەنینە بەشی کارگێری و نوێنەرایەتی ئێوە دەکەین لە دانیشتنی جڵەوگیریدا.

3. ئێمە ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی و نوێنەرایەتی کردن بۆ ئەندامەکانمان فەراهەم دەکەین لەکاتی ڕوودانیکارەسات لەسەر کار، دەرکرانی ناڕەوا و هەڵاواردندا.

4. ئێمە دەتوانین یارمەتی ئەندامەکانمان بدەین کە دەستیان بە ڕاهێنانی بێ بەرانبەر و زنجیرەیەک بابەت ڕا بگات لەوانە ئینگلیزی، ماتماتیک و کارامەییەکانی کۆمپیوتەر.

5. ئێمە هەڵمەت بەرپا دەکەین لەدژی نەژادپەرستی و هانی مامەڵەی یەکسان دەدەین بۆ هەموو کرێکاران.

6. ئێمە خەبات دەکەین بۆ باشترکردنی کرێ و ژیانی ئەندامەکانمان لەسەر کار.

- هەموو کەس دەتوانێت بچێتە ڕیزی سەندیکای کرێکارانەوە.
- تۆ مافی یاسایی خۆتە کە بچیتە ڕیزی سەندیکای کرێکارانەوە.
- پێویست ناکات بە خاوەنکارەکەت بڵێیت کە تۆ ئەندامی سەندیکای کرێکارانیت.
- ئەوە کارێکی نایاساییە بۆ هەر کەس کە هەڵاواردنت لەدژ ئەنجام بدات لەسەر ئەوەی کە تۆ ئەندامی سەندیکای کرێکارانیت.